# شاعیریتی دڵدار و لیکدانەوەی سرودی ئەی ڕەقیب

پ.د.رەفیق شوانی

**پلانی لیکۆڵینەوە :**

ئەم وتارە تایبەتە بە ڕونکردنەوەی چۆنێتی کەسایەتی دڵداری شاعیر , چ وەکو ڕۆشنبیریکی کورد بە گشتی و، وەکو شاعیریکیش بەتایبەتی. تا بزانریت تا چ ڕادەیەک کەسایەتی ڕۆشنبیری شاعیر گونجاوە لەگەڵ باس و بابەت و ناوەڕۆکی شیعرەکانی.

لیرەدا، لە وتارەکەدا گەیشتووینەتە ئەو ئەنجامەی کە بیروباوەڕی شاعیر ڕیکەوتووە لەگەڵ بابەتە جیاوازەکانی شیعرەکانیدا، بەوەی شاعیریکی نیشتمانی و نەتەوەییە.

**گرنگی لیکۆڵینەوەکە :**

گرنگییەگە لەوەدایە، کە لەم سالانەی سەردەمی حکومەتی هەریمدا، دەنگیکی ناڕەزایی دەربارەی نەگونجانی سرودەکە بەرزبۆتەوە، کە نەشیاوە ئەم سرودە ببیت و بکریتە سرودی نەتەوەیی و نیشتیمانی. بەوەی بیری دژ بە ئایینی تیدایە.

ئەم وتارە بە بەڵگەی خودی ناوەڕۆکی سرودەکە، بەتەواوی وشە و دیرەکانییەوە، بەتایبەتی ئەو دیرانەی، کە بەلای ئەو دەنگانەوە نەشازن، بە پەنابردنەبەر فەرهەنگە کوردییەکان و بۆچوونی خۆمیش نەشازبوونی سرودەکە ڕەتدەکاتەوە، بەوەی سرودیکی تەواو گونجاوە، لەڕووی نیشتمانی و نەتەوەیی و ئاینی و کۆمەلایەتیشەوە. سرودیکە بەرگری کورد لە میژوودا بەرانبەر دوژمنانی نیشانداوە، بەوەی گەلیکی زیندوە، بە بەرگری خۆی ماوەتەوە.

**تەوەرەکانی لیکۆڵینەوەکە :**

بەپیی پیویستبوونی ڕوونکردنەوەی ناوەڕۆکی سرودەکە، کە (ئەی ڕەقیب) بابەتی وتارەکەیە، دابەشکراوەتە سەر چەند تەوەریک. تا بتوانریت ڕیکەوتنیکی فکری لەنیوان کەسایەتی شاعیر و چۆنیەتی بیروباوەڕ و بابەتی شیعرەکانی ڕوونبکریتەوە. بۆ ئەم ڕوونکردنەوەیە، پەنا براوەتە بەر میژووی کۆنی کورد، بۆ دیاریکردنی ئەو ڕاستییە میژووییانەی، کە لە سرودەکەدا ناویان هاتووە، وەکو ماد و کەیخەسرەو.

**بەڵگەی پیویست بۆ ڕوونکردنەوی سرودەکە :**

فەرهەنگە کوردییەکان بۆ لیکدانەوەی وشەکان لەگەڵ سەرچاوەی میژووی کۆن بۆ ناسینی ماد و کەیخوسرەو. بیجگە لە فەرهەنگ و المورد العربی والمنج و فەرهەنگی فارسی – کوردی لەگەڵ موردی ئینگلیزی – عربی.

**ئەنجامی لێکۆڵینەوەکە :**

ئەنجامی لێکۆڵینەوەکە ئەوە دەردەخات، کە سرودی ئەی ڕەقیب لەڕووی ئاینی و نیشتمانی و نەتەوەیی و کۆمەڵایەتییەوە، گونجاوترین سروودە بۆئەوەی بکرێتە سرودی نیشتمانی و نەتەوەیی. بەوەی سرودەکە زیندوویی نەتەوەیی کورد بەدرێژایی مێژووی نیشانداوە، کە لە تێکۆشاندایە.

**دڵدار چۆن شاعیرێک بووە ؟**

دڵدار شاعیرێکی نیشتمانی و نەتەوەیی پێشکەوتوو خوازبووە، لەناو بنەماڵەیەکی خوێندەوار و ژینگەی جیاوازدا پەروەردە بووە. هەستی بە نەهامەتی میللەت و ناگوزاروی کۆمەڵەکەی کردووە لە چەوسانەوەی نیشتمانی و کۆمەڵایەتی. بوونی ئابوری نیشتیمانی بەلایەوە گرنگبووە [1]. ئاگاداری مێژووی وڵاتەکەی لە کۆنەوە بۆ سەردەمی خۆی بووە.

شاعیرێکی بە ئاگای نەتەوەیی بووە، نرخی زمان و ئەدەبیاتی کوردی زانیوە [2] و لەسەریانی نووسیوە. ئاگاداری شاعیرانی پێش خۆی و سەردەمی خۆی بووە.

کاریگەری شاعیرانی وەکو ڕاجی، عاسی، حوسێنی، هیرانی، وەفایی، بێکەس و زیوەر و پیرەمێرد پێوە دیاربووە [3] لەڕووی بیر و شیعرەکانیانەوە، جوانی سروشتی کوردستانەکەی ئیلهام بەخشی شیعرەکانی بووە. هەموو ئەم تایبەتییانە وا دەکات دڵدار شاعیرێکی بە ئاگای نەتەوەپەروەر و ڕۆشنبیرێکی تێکۆشەر بووە. ناوەڕۆک و بابەتی بەرهەمەکانی ڕەنگادنەوەی کەسایەتی شاعیری دەرخستووە.

**سەردەمی سەرهەڵدانی سرودی ئەی ڕەقیب**

دانانی سرودی ئەی ڕەقیبی دڵدار، ڕەنگدانەوەی بەرهەمی بنەماکانی فراوانبونی هەست و هوشیاری نەتەوەییە، لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەما. سەرەتای فراوانبونی هەست و هوشیاری نەتەوەی لای کورد دەچێتەوە سەرەتای سەدەی نۆزدە، بۆ سەردەمی پەیدابونی و سەرهەڵدانی ئەم هەستە لای گەلانی ڕۆژهەڵات. وەکو تورک دەسیان کردووە بە بەرزڕاگرتنی زمان و فەرهەنگی نەتەوەیی تورک. سرودی ئەی ڕەقیب وەکو گەیاندنی دەنگی ڕەوای هەبوونی نەتەوەی کورد،وەڵامێکی توندە بۆ بەگژاچوونەوەی ئەو دوژمنانەی کە دەیانەوێت کورد لەناو بەرن و بەگەلێکی مردویان داناوە. لەم سەردەمەدا لەساڵی ١٩٠٨دا بژاردەی ناسیونالیزمی تورک بەرەو ئاراستەیەکی مەترسیدار هەنگاوی ناوە،یەکێک لە بەرنامەکانی نەهێشتنی نەتەوەکانی غەیرە تورکە،کە لە بن دەسەڵاتی دەوڵەتی عوسمانیا بون. وەکو ئەرمەن،کورد و چەرکەس و لاز، لەڕاستیشا بەرنامەکەیان بەقڕکردنی ئەرمەن و دواتریش کورد لەساڵی ١٩١٥ دەستیپێکرد. لە ١٩٢٠ سیاسەتی یەک نەتەوە،یەک زمان و یەک ئالا لە تورکیا یا بە پێشڕەوی ڕێکخراوی (کۆمەڵەی یەکێتی و پێشکەوتن – الاتحاد و الرقی) سەپاند (د.محسن احمد،ڕەگ و ڕیشەی ناسیونالیزم،ل١٤).

---

[1] – دیوانی دڵدار ، چاپخانەی کوردستان ، چ٢ ، زنجیرە (٤٨) ، هەولێر ، ١٩٧١ ، ل٦ .

[2] – دیوانی دڵدار ، هەمان سەرچاوە ، ل٦ ، هەروەها بڕوانە د. مارف خەزنەدار ، مێژووی ئەدەبی کوردی ، بەرگی (٥) ، بڵاوکراوەی ئاراس ، ژمارە ٣٦٥ ، هەولێر ، ٢٠٠٥ ، ل ٥٦٢ .

[3] – دیوانی دڵدار ، ل ٥ .

٤–دیوانی دڵدار ، ساڵی ١٩٧١ ، ل ٤ ،م.مارف خەزنەدار ،مێژووی ئەدەبی کوردی ،ل ٥٣٨

٥–حامد محمود عیسی ، المشکلة الکوردیة في الشرق الاوسط ، ١٩٩٢، ص٣١٠

سـەرەتای پەیدابونی ناسـیونالیزمی و هەسـتی نەتەوایەتی لەنێوان سـەدەی شـانزەوە بۆ نۆزدە،ی‌نێوان سـالّی (١٥٠٠-١٨٠٠)ز سـەری هەڵدا و لەناو گەلانی ئەوروپایا بلاوبۆوە. لەم سـەردەمەدا دین و دەوڵەت واتە بەڕێوبردنی وڵات و دەسـەڵاتی ئاینی كڵێسـا لەیەكترجیابونەوە. میللەتانی ئەوروپا گەڕانەوە بۆ بەرزڕاگرتنی بنەما نەتەوەییەكانی وەک :زمان،خاک،مێژوو،چارەنوسی هـاوبەش. بێجگە لەمانە دانانی زمانی سـتاندارد، دیاریكردنی هێما و نیشـانەی نەتەوەیی و بەرزڕاگرتنی خەبات و قوربانی دان و نەمری نەتەوە،لە ئاڵای وڵات و سـرودی نەتەوەیی وەكو مارسیلیای فەرەنسایی لە ئەنجامی شۆڕشی فەرەنسادا.

لەئەنجامی ئەم ڕفتارە ڕەگەزپەرسـتییەی توركە كەمالیسـتەكانا، لەداوی سـالّی ١٩٠٨ەوە گۆڕانی گەورە ڕودەدات. كوردە نیشـتمانپەروەرەكان ڕاسـتەوخۆ لە عوسـمانیەتی نوێوە چونەوە بەرەو ناسنامەی كوردی و زمانی كوردی و مێژوی كوردی (د. محسن، ل ١٥). هەر لێرەوە كوردە نیسـتمانپەروەرەكـان دەسـتیانكرد بەدانانی كتێبی ڕێزمـانی كوردی،مێژووی كورد و كوردسـتان،مێژووی ئەدەبی كوردی،سـەرهەڵدانی ڕۆژنامەگەری كوردی،دامەزراندنی ڕێكخراوی نەتەوەیی، دانـانی سـرودی نیشـتمـانی و نەتەوەیی وەكو ئەی ڕەقیب لە ١٩٤١ و نەورۆزی پیرەمێرد لە ١٩٤٩ و دیاریكردنی هێما و نیشـانەی نەتەوەیی وەكو ئاڵای كوردسـتان لە كۆماری كوردستان لەساڵی ١٩٤٦.

لێرەدا دەردەكەوێت سـرودی ئەی ڕەقیبی دڵدار،پێویسـتییەكی مێژویی و سـەردەمی نەتەوەی كورد بووە،لە كاتی خۆیا وەكو هەموو پێویستییە نەتەوەییەكانی تر هاتۆتە كایەوە.

محمد ئەمین بەگ شـاعیری تورک لە ١٨٩٧ شـیعرێكی نەتەوەیی داناوە و پێی ناودار بووە. كەبە ناونیشـانی (شـیعر توركییەكان- توركچە شـعرلەر) بلاوكردەوە كە دەڵێ (من توركم،دین و نەتەوەم توركی بالایە،دڵم پڕە لە ئاگر). (د.محسـن،ل ٧٥)، ئەمجا ئەم شـیعرە توركییە لەگەڵ دێرە شیعرەكەی ئەی ڕەقیبی دڵدار یەكدەگرێتەوە كە دەڵێ (دینمان ئاییمانە نیشتیمان)،ئەم لێكچوونە بە ڕێكەوت بێ یا بە ئاگایی دڵدار بوو بێت لەو شیعرە توركییە، كە ڕەنگدانەوەی هەستی نەتەوایەتین.

بەپێی ئەوەی دڵداری شـاعیر، لە شـاری كەركوک خوێندنی ئامادەیی لە ١٩٣٧ – ١٩٤١ تەواوكردووە [٤] سرودی ئەی ڕەقیبی نووسیوە.

سەردەمی خەباتی نهێنی بووە، لەو سەردەمەدا دوو ڕێكخراوی كورد وەكو (داركەر لە ١٩٣٧) و هیوا لە ١٩٣٩ لەو شـارەدا دامەزراوە. سـەردەمی جەنگی جیهانی دووەم بوو. سـەردەمی ململانێی نێوان بەرەی فاشـیزم و بەرەی دیموكراسـی بووە. دڵدار خۆی لەناو بەرە دیموكراسـییەكەدا، وەكو كەس و ڕۆشنبیرێكی پێشكەوتووخواز دیوەتەوە. سەردەمی خەبات و تێكۆشانی نەتەوەیی بووە، لە دژی حكومەتی پاشـایەتی ئێراقدا. بەگشـتی لەم سـەردەمەدا، بزوتنەوەی نیشـتمانی كورد چالاكبوە، بیروباوەڕی نوێ دەربارەی سەربەستی و مافی چارەنوسی بلاوبۆوە و بیری نەتەوایەتی گەشەی سەندووە [٥].

[٤] – دیوانی دڵدار ، سـالّی ١٩٧١ ، ل٤ ، هەروەها د . مارف خەزنەدار ، مێژووی ئەدەبی كوردی ، ب٥ ، ل٥٣٨ .

[٥] – د . حامد محمود عیسی ، المشكله الكوردیه في الشرق الأوسط ، ١٩٩٢ ، ص ٣١٠ .

نیشتمانپەروەران و ڕوناکبیران تووشی بەندیخانە و دوورخستنەوەبوونە، واتە سەردەمەکە سەردەمی پڕ لە کێشە و خەبات و تێکۆشانی سیاسی و نەتەوەیی بەرپابووە. ئەمە بێجگە لە بارودۆخی تایبەتی شاری کەرکوک، لەو سەردەمە و لە هەموو سەردەمەکانیدا بەپێی ئەوەی شوێنێکی ستراتیژی و ئابوری دەوڵەمەند و نەوتێکی زۆری هەیە، نەتەوە و پیکهاتەی جیاوازی لێیە، کێشەی نەتەوایەتی لەو شارەدا زەق و دیاربووە. دڵدار ئەمانەی ڕۆژانە بە چاوی خۆی دیوە، لەوانەشە گوێی لە پەلار و توانجی نارەوا بووە لەلایەنی خەڵکی نەیاری کوردەوە، بەوەی کورد بوونی نییە، مردووە، دەسەڵاتی نییە. دڵداریش بە شیعری (ئەی ڕەقیب) وەڵامی سەردەم و نەیار و دوژمنانی نەتەوەکەی ئەداتەوە، سەردەمی واش بەرهەمی پڕتین و تاوو و پڕجۆش و خرۆشی هاندانی خەبات و بەرگریکردن دەهێنێتەکایەوە. باشترین نموونەیی پیرەمێرد دوای سێ ساڵ لە شیعرەکەی دڵدار شیعری (نەورۆز) ی لە ١٩٤٩ [٦] بڵاوئەکاتەوە. کە ئەم دوو سرووده تەواوکەری یەکترین یەکەمیان گشتیەو و دووەمیان (نەورۆز) ی بۆنەیەکی تایبەتییە.

**سرودی ئەی ڕەقیب چۆن سرودێکە ؟**

دڵدار بەشێوەیەکی خیتابی وەڵامی دوژمنان بە شیعری ئەی ڕەقیب دەداتەوە. سرودەکە پڕ لە جۆش و خرۆشی خەبات و تیکۆشان، وەڵامێکە بۆ دوژمنانی کورد، مان و بوون و مەوجودییەتی نەتەوەی کوردیانی نیشانداوە. هەستێکی نیشتمانی و نەتەوەیی بەرز تێدایە.

خەباتی ئێستا و ڕابردووی ڕۆڵەکانی گەلی کوردی، لەسەردەمی میدییەکانەوە بە بەردەوامی گرێداوە. بەردەوامی شۆڕشەکەی، بە قوربانیدانی لاوانی کورد بەرپابووە. سرودەکە پێماندەڵێ، هەرگیز کورد نەمردووە، میللەتێکی زیندووە، لاوانمان هەردەم ئامادەی گیانفیدایی و تێکۆشانن، بۆ بەرز ڕاگرتنی ئاڵای مانەوەی نەتەوەکەمان، مادام شۆڕش بەردەوامە، کوردیش زیندووە، بۆیە ئاڵاکەی هەرگیز نانەوێت.

ئەم سوردە بە نرخترین و نایابترین هۆنراوەی نیشتمانی دڵدارە. بەسەرهاتی خوێناوی میللەتی کورد دەخاتەڕوو [٧]. ئەی ڕەقیب سرودێکی نیشتمانی شۆڕشگێرییە، بۆتە هێماو ڕەمزی بوونی نەتەوایەتی، سەرلەبەری واتاکەی لە چوارچێوەی بیری نەتەوەیی دەسوڕێتەوە [٨]. بۆتە مارسیلیای نەتەوایەتی کورد بە وێنەی مارسیلیای فەڕەنسایی.

کۆماری کوردستان لە مهاباد، بە فەرمی کردبووی بە سروودی فەرمی نەتەوەیی [٩]. ئێستاش لە سەرانسەری کوردستان، وەکو سرودێکی هەست بزوێن بۆتە مارشێکی نەتەوەیی شۆڕشەکانی. مارشێکی لاوچاکی و حەماسییە و بە گەورەترین چونە مەیدان و هێرشبردن قانگدراوە و گیانی زەبر و زەنگی بەرامبەر دوژمن گرتۆتەخۆی [١٠].

**نرخ و پایەی سرودی ئەی ڕەقیب لە ناو کوردا**

---

[٦] – دیوانی پیرەمێرد،محمد رسول هاوار ، ل
[٧] – دیوانی دڵدار ، ل ١١ .
[٨] – مارف خەزنەدار ، هەمان سەرچاوە ، ل ٥٤٤ .
[٩] – هەمان سەرچاوە و لاپەرە .
[١٠] – مارف خەزنەدار ، هەمان سەرچاوە ، ل ٥٤٤ .

سرودی ئەی ڕەقیب پایەیەکی بڵندە نرخێکی بەرز، ئاستێکی بڵند و دیاری نیشتیمانی و نەتەوەیی هەیە. بۆتە کەلتوری دیاری فەرهەنگی خەبات و شۆرشی کورد، موراڵێکی بەرزی هێما و سونبولی نەتەوەییمانە، ڕەنگدانەوە و بەرجەستەکردنی شۆرش و تێکۆشانی ڕۆڵەی کوردە، لە مێژووی ئێستا و رابردووی دێرینی سەرانسەری نیشتیمان و نەتەوەی کورد. لە سەردەمی میدیەکانەوە تا ئێستا.
لە هەموو پارچەکانی کوردستان، بۆتە مارشێکی نەتەوەیی و نیشتیمانی واتە سروودێکی مارسیلیای کوردە. پڕە لە هەستی نەتەوەیی و سۆزی بەرزی نیشتمانی.

**لێکدانەوەی ناوەڕۆکی سرودی ئەی ڕەقیب**

لەم تەوەرەدا بۆ ڕەواندنەوەی گومان، لەسەر ناشایستەبوونی دوو دیڕی سرودەکە، لەڕووی ئایینەوە، گوایە نابەجێ و نیشانەی گوێنەدان بە ئایین و تاڕادەیەک بە کوفر و بێ ئیمانی لەلایەن کەسانی توندی ئایینی کوردەوە دانراوە. تەواوی سرودەکە، بە وشە و دێرەکانیەوە، بەپێی فەرهەنگە کوردییەکان و واتا و مەبەستیان لەڕووی یەکێتی بابەتی سرودەکەوە، کە پەیوەندییان بە یەکترەوە هەیە لیکدەدەینەوە.
تا ئەو بێ ئاگایی و نەزانین و دوو دڵییە، چ لە وشەی ئەو دوو دێرەو چ لەبارەی مێژووی ڕابردووی دێرینی کورد و، زانینی کەسایەتی کەیخوسرەوی پاشای سێیەمی مادەکانەوە، کە پێشینان و باوباپیرانی کوردن بەڕاستی مێژوویی ڕوونبکەینەوە.
ئەوکاتە دەرئەکەوێ کە سرودی ئەی ڕەقیب، سرودێکە بەهیچ جۆرێک نیشانە و واتای بی ئیمانی و بێڕێزی ئایینی تێدانییە و لەڕووی ئاینەوە وەکو ڕووەکانی تری کۆمەلایەتی، نیشتمانی و نەتەوەیی و کلتوری کوردەواریشەوە [١١] گونجاو و بەجێ و شایستەیە. تێکڕای بەجۆشی سرودەکە وەلامێکی دروستە بۆ دوژمنانی کورد بە ئێستاشەوە کە میللەتی کورد بە مردوو و ناشارستانی دائەنێن.

**سرودی ئەی ڕەقیب [١٢]**
**ئەی ڕەقیب هەرماوە قەومی کوردزمان**
**نایرمێنێ دانەیی تۆپی زەمان**
**ئێمە ڕۆڵەی ڕەنگی سور و شۆرشین**
**سەیریکە خوێناوییە ڕابردوومان**
**ئێمەی ڕۆڵەی میدیا و کەیخوسرەوین**
**دینمان ئاینمانە نیشتمان**
**کەس نەڵێ کورد مردووە، کورد زیندووە**
**زیندووە قەت نانەوێ ئالاکەمان**
**چەند هەزار لاوانی کوردی نەڕرەشێر**
**بوون بە قوربانی و هەموویان نێژران**

[١١] – ڕەفیق شوانی ، ئەی ڕەقیب سرودی نەتەوەییمانە ، ... ، هەواڵ ژمارە (٥٤٧) ، ل ٦ .
[١٢] – دیوانی دڵدار ، ل١٧ ، م . خەزنەدار ، ل ٥٤٤ – ٥٤٥ .





**لاوی ئێستاش حازر و ئامادیە (لاوی کورد ئێستاش...)**
**گیانفیدایە، گیانفیدایە، گیانفیدان (جانفیدان)**
**لاوی کورد هەڵسانە سەرپێ وەک دلێر**
**سا بەخوێن نەقشی ئەکەن تاجی ژیان**

## لێکدانەوەی واتای وشە و دێڕەکانی شیعری ئەی ڕەقیب

بۆ لێکدانەوەی واتای وشـەکان، تەنیا وشـەکانی کە زیاتر لە واتایەک هەڵدەگرن و بۆ ئەم وتارە جێگەی مەبەستن و تاڕادەیەک ڕوونئین لێکدەدەینەوە. ئەمە بێجگە لە واتای دێرەکان بە گشتی.

**بەیتی یەکەم : ئەی ڕەقیب هەرماوە قەومی کوردزمان**

نایرمێنێ (نایشکێنێ) دانەیی تۆپی زەمان

ئەی ڕەقیب : واتە ئەی دوژمن، ئەی نەیار و ناحەز، ڕەقیب : هاوچاو، بەربەرەکانێکەر، هاڕك، ململانێکەر، کەسێک دوی کەسێک بکا (فرهنگ فارسی – کردی، ماجد مردوخ، دانشگاه کردستان، جلداول، سنندج، ١٣٨٥، ل١١٨٣)، ئەی : ئامرازی بانگکردن و ئاگادارکردنە، لێرەدا بۆ ورپاکردنەوەی دوژمنانی کوردە. نایرمێنێ : نایشکێنێ، نایبەزێنێ، نایروخێنێ.

دانەیی : لە چاوگی (دانان) دوە وەرگیراوە، بریتییە لە ڕەگی چاوگەکە (دانێ)، پاشـگری (ە) دەبێتەهۆی لادانی (ێ) + ناوبەندی نیمچەبزوێنی (ی) بۆ جیاکردنەوەی هەردوو بزوێنی (ە)، (ی) ئامرازی پەیوەندی ناوی بکەر پێکهاتووە.

ئەوەی شتێک دروست دەکات یا شتێک دادەهێنێ، لە وێنەی وشـەی ناوی بکەر و بەرکاری تر دروسـتبووە، وەک : سـوتان، سـوتێ، سـوتە، ناڵە لە ناڵین، کردە، بردە، کەوتە. کورد دەڵێ کردەی منە، بردەی شەماڵە، یا سوتە دڵ واتە دڵسوتاو. لەڕۆژگاری ئەمڕۆدا دانەیی بۆتە (دانەری)، چونکە پاشگری (ەر) ی ناوی بکەری، بەزۆری یەکدوو وشەی کۆنی لێدەربچێت زۆرکەم لە نووسینی کۆن و ئەو ڕۆژگارەی دڵدار بەکارهاتووە. تەنها لە یەکدوو وشـــەی ناوی لێکدراوا بەکارهاتووە، وەک : نانکەر، ڕاوکەر ئەگینا لە وشە داڕێژراوەکاندا زۆر دەگمەنبووە. دواتر وشەی نووسەر، دانەر،.... هتد بەکارهێنراون.

ئەمجا وشـەی (دانەیی) واتە دانەر، داهێنەر، دروسـتکەر، ئەو کەسـەی کە توانای دانان و داهێنان و دروسـتکردنی شـتی هەیە. کە لەچاوگی (دانان، داهێنان، دروسـتکردن) دوە وەرگیراون. بڕوانە نمونەی تری وەک : دانایی، زانایی، ئاقڵی، ئاگاداری، توانایی یا دانا، زانا، زاندیار، داندیار، زۆرزان. بڕوانە فەرهەنگی فارسـی – کوردی، ماجد مردوخ، ل ١٠٤٥، هەروەها فەرهەنگی تەقی، کورد – کوردی، ٢٠٠٩، ل ٢٨٧).

تۆپی زەمان : واتە تۆپ و چەکی سـەردەم و زەمان. تۆپ : چەکی دوور هاوێژ، زەمان : ناوی گشـتی کاتە واتە سـەردەم، ڕۆژگار، چاخ، زەمانە. ڕەگەزدۆزیەکی ناتەواوی لەگەڵ وشـەی کورد زمان پێکهێناوە، لێکچونێکیش لە نێوان وشـەی ڕەقیب و دانەیی پێکهاتووە. هەروەها لەنێوان (کوردزمان و تۆپی زەمان) یشدا کە دووەمیان ڕەگەزدۆزییە.

واتای تەواوی دێڕە شیعرییەکە : ئەی دوژمنی ناحەز، نەتەوەی کوردی زمان هەرماوە و هەرگیز نامرێ، بەچەک و تۆپی دروســـتکراوی دەســـتی دانەر و داهێنران لە هیچ زەمان و ســـەردەمێکدا ناشکێ و ناڕوخێ و هەر دەمێنێ (ڕەفیق شوانی، ئەی ڕەقیب، هەواڵ (٥٤٧)، ل٦.

با وەکو گریمانە بۆ بیانووی ئەوانەی نیوە دێڕی (نایڕمێنێ دانەیی تۆپی زەمان) بە دژی ئایین و بە حەڕام دەزانن و دەڵێن :

دانەیی : مەبەســـتە لە پەروەردگارە، واتە خوا، بابڵێنی وایە، ئایە بۆ دەبێ و دەشـــێت دوای ئەو هەموو واتا فەرهەنگییەی وشـــەکە مەبەســـت لە دانەر، پەروەردگار و خوابێت، ئەمجا بۆ دەبێ خوا دوژمنی میللەتی کوردی پەروەردەی خۆی بێت، دیســـان بۆ دەبێت لەســـەر ئەوەی لیکچواندنێکی ڕەوانێژی لەنێوان (ڕەقیب و دانەیی) هەیە خوا هاوکاری دوژمنانی کوردبێت، کە حەز لە ناوبردنی دەکەن. ئەوانەی واتای ئەم دێڕە بەوجۆرە لیکدەدەنەوە، گوناهباری دەکەن کفر بە خوا دەکەن. چونکە هیچ کاتێک خوای پەروەردگار، دوژمنی خەلقندە و پەروەردەیی خۆی نابێت.، مەگەر لە حاڵەتێکدا ئەو میللەتە، لەخوا هەڵگەڕابێتەوە و تووشـی خراپەکاری و بەدڕەوشـتی و لەڕێدەرچوون بووبێت. ئەوکاتە وەکو چۆن غەزەبی لە قەومی نوح گرت خوا تۆفانی بەسەریاندا هێنا و فەوتبوون.

لەڕاستیشدا (ئەفراندن) سیفەتی خودایە، نەک دانەری ئاوەڵناوی بکەری، کە سیفەتی مرۆڤە، واتە دانەر، دروســـتکەر، داهێنەر،... ئەمانە تاوانی مرۆڤن، زیاتر خواش لەســـەرووی هەمووانەوەیە کە (ئەفرێنەر) ە واتە الخالق، خالق، الکون والبشـــر، خالق الســـموات والأرض. ناوترێ مبدع الســـموات والأرض یا مبدع الکون والبشر.

تۆپی زەمان : هەروەکو ڕونمانکردەوە، واتا فەرهەنگییەکەی چەک و تفاقی سەردەمییە. یا گریمان (تۆپ) مەبەســـت لە گۆی زەوی بێت، هیچ پەیوەندییەکی واتای لەنێوان گۆی زەوی و زەمان و سەردەمدا نییە بەپێی یەکێتی بابەتی تێکرای سرودەکە. کەواتە گۆی زەوی کە شوێنی سروشتییە دیســـان بۆ دەبێ لە دژی کوردابێت، ئەمە لەڕووی واتاوە نەگونجاوە، بۆ نموونە ئەگەر کارەســـاتی سـروشـتی کە لە گۆی زەویدا ڕوودەدات وەکو : عەرد لەرزین، لافاو و زریان ئەوا تووشـی هەموو وڵات و میللەتێک دەبێت نەک هەر کورد. ئەمجا ئەم دیاردانەش لە وڵاتی کوردستان هەندێکیان زۆر دەگمەن ڕوودەدەن، وەکو ئەوەی لە وڵاتانی تردا ڕوودەدات.

**بەیتی دووەم : ئێمە ڕۆڵەی ڕەنگی سوور و شۆڕشین**

سەیریکە خوێناوییە ڕابردوومـــان

ڕەنگی ســوور : هێما و نیشـانەیە بۆ بەردەوامی خەبات و شـۆڕش. مەبەسـت لە ڕەنگی خوێنە کە سوورە.

خوێناوی : واتە ئاوێتەی خوێن، تیکەڵبوو بە خوێن، خڵتانی خوێن.

ڕابردوومان : واتە مێژووی دێرینمان، مێژووی ڕابردوو، ڕابردووی لە مێژینەمان.

سەیریکە : بنوارە، بنورە، ئەی دوژمن سەیرمانبکە.

ئێمە کە کوردین و ڕۆڵەی ڕاهاتووی بەردەوامی خەبات و شۆڕشین، بۆیە مێژووی ڕابردوومان بەهۆی تێکۆشانی ڕۆڵەی نەتەوەکەمانەوە، بۆتە خڵتانی خوێن واتە مێژوومان سووربووە بە خوێن. دڵدار لەم دێڕەدا، کە تەواوکەری دێڕی یەکەمە، بە دوژمنانی کورد ئەڵێ هۆی مانەوەی نەتەوەکەمان شۆڕش و خەباتمانە بۆیە هەر ماوین.

**بەیتی سێیەم : ئێمە ڕۆڵەی میدیا و کەیخوسرەوین**

دینمـــان ئاییینمـــانە نیشتیمـــان

ئێمە : واتە ئێمەی کورد، ڕۆڵە : مەبەســـــت لە کوڕ و کچە واتە ڕۆڵەی دایک و باوک، میدیا : نەتەوەیەکی کۆنی ڕەگەز ئارین، لە ســــاڵی (١١٠٠ پ.ز) هوە هاتنیان لە ئاریانەوە بۆ ڕۆژهەڵات و باکور و باشــوری کوردســـتان (د.أحمد الخليل، عباقرة کوردســـتان، في القيادة والسـياسـة، دەزگای موکریانی، ٢٠٠٩، ص١٦).

میدیەکان : باوباپیران و پێشـــینانی کوردی ئەمڕۆن، پایەتەختەکەیان (هەمەدان) بووە، میدیەکان لە چەند میللەت و هۆزی تری باوباپیرانی کوردی نیشـــتەجێی بناری چیای زاگرۆز پێکهاتوون، وەک : گوتی، کاسی، لۆلۆیی، ئۆرارتۆیی، ئیلاهی، سۆبارتۆیی.. هتد (رفیق شوانی، زمانی کوردی و شوێنی لەناو زمانەکانی جیهاندا، ٢٠٠٨، ل١٤٧). کەیخوســـرەوی نەوەی دیاکۆی پاشـــای یەکەمی میدیەکان، توانی هەموو ئەم هۆزانە لەناو میدیادا یەکبخات. (أحمد الخليل، عباقرة کوردستان، ل١٨).

بۆ ئاگاداری و زانینی ئەوانەی کەوا کەیخوســــــرەو بە فارس دەزانن، دەوڵەتی میدیا لەلایەن فارسەکانەوە واتە هەخامەنشینەکانەوە لە ساڵی (٥٥٨ یا ٥٥٠ پ.ز) ڕوخاند. (احمد الخليل، ل٢٣) ئەم مێژوونووسە لەبارەی کەیخوسرەوەوە دەڵێت هەموو کوردستانی، بۆیەکەمجار لە بندەسەڵاتی وڵاتانی تر و لـەکۆیلایـەتی ڕزگـارکردووە، کـە تـا ئێســـــتـاش نـەتـەوەی کـورد چـاوەڕوانی دامـەزرانـدنی کوردستانێکن بەناوی خۆیەوە، هەروەها تا ئێستاش کورد چاوەڕوانی سەرکردەیەکی بلیمەتی تاکی وەکو کەیخوسرەون کە ئەم هیوایە بهێنێتەدی. (أحمد الخليل، ل٢٤). ئێستا کوردبوونی کەیخوسرەو بەهۆی سەرچاوەی مێژووییەوە ڕۆنبۆوە کە میدیە و فارس نییە بەڵکو دوژمنی یەکتربوونە.

واتای نیوە دێڕەکە : دڵدار دەڵێت ئێمە کوردین ڕۆڵەی نەتەوەی میدی و کەیخوســـــرەوین لە ڕابردوودا خاوەن دەوڵەتی گەورە و ســــــەرکردەیەکی لێهاتوو بلیمەت بووینە کە باوباپیران و پێشینانی کوردن.

نیوە دێڕی دووەم : دینمان ئاییینمانە نیشتیمان

واتەی وشــــەی ئایین لە فەرهەنگەکاندا : ئایین، مەزهەب، ڕەوشــــت، دین، ئاین و دین (هەژار، هەبنانەبۆرینە، تهران، ١٣٨٣، ل٢١٧)، دین : ١- خواپەرستی ، ٢- شێت – لیوە، ٣- زان، منالبون، ٤- چاوپێکەوتن – دیتن دین، ئایین (هەژار، هەنبانەبۆرینە، ل٣٣٤)، لە فەرهەنگی کوچک ســـخن : ١- دین : کۆمەڵە بیروباوەڕێک، پەروەردە و دەســـــتوری ئیش و کارێک کە بەهۆیەکی کەســــییەوە بەتایبەتی لەلایەن پێغەمبەرانەوەیە، باوەڕپێکراوانی پێڕەوی دەکەن. (فرهنگ کوچک ســــخن، دلێر حســــن أنوری، تهران، ١٣٨٣، ل٤٩٣). لە فەرهەنگی (مەرگ وژی، مەلا خەلیل مشــــەختی، هەولێر، ٢٠٠٦، ل٢٤، ئاین : ڕێ، زێ، ڕێبازگە، دین، ئاین و ئۆین : چەپ و چۆڕ و حیلە و تەڵەکەبازی. دین : ئایین، ئۆڵ و ڕێبازگە لە ئاویســـتایا (دینا – دەئینی) وشــــەیەکە بنچینەکەی ئێرانی ئاریان و ئارانە، بەواتای شێت، پەند. (مەلا خەلیل مشەختی، فەرهەنگا مەرگ و ژی، ل٢١٩). لە فەرهەنگی فارسی – کوردی، ماجد مەردۆخدا ١٣٨٥، ل١١٨٣، دین (ســـامی/ ایرانی) اســـم، دین، : ئایین ١- کۆمەڵە ئامۆژگارییەک، ٢- کۆمەڵە هۆکارە، بڕواوکردەوەی کەســـیک بۆ دامەزراندین پەیوەندیەکی باش لەگەڵ هێزگەلی ژوورە سروشتی و ڕاکێشانی یارمەتی و سەرنجیان.

له فەرهەنگی تر ئایین : ناوە ١- ئاکار، رەوشت، ئاکاری جوامێری، ئاکاری پاڵەوانی، ٢- دین : ئایین، ئاین، رەوشت، ئۆل، ٣- شێواز : زێ، رەوشتی کار، شێوازی نووسین، شێوازی سوارکاری. ٤- رێ و رەسم، ئاهەنگ : رێ و رەسمی حەج (ماجد مردوخ، فرهنگی فارسی – کوردی، ل١٠٣).

له فەرهەنگی کوردی – کوردیدا ئایین واتە : ١- هەست و پەیرەوی رەوانی و دەروونی کە مرۆڤ لەبیروباوەڕە و کردەوەی چەوت دووردەخاتەوە دەیخاتە سەر رێبازی مرۆڤایەتی و خواپەرستی. ٢- داب و نەریتی چەسپاو و پەیرەوکراو لە دەروونداو، ٣- دیمەنی هەڵگیر و جوانی مرۆڤ، بەتایبەتی ئافرەت کە هەست و سەرەنج رابکێشێ. لەم رووەوە مەلای جزیری دەڵێ :

**لازم بخوە ئایینەکی (روح القدس)**

***لەو کەس نەویەن حوری بقی ئایینێ***

٤- ئایین : تەدارەک و رازاندنەوەی هەر شوێنێک بە چراو چراخان. **ئەحمەدی خانی** دەڵێ:

تەزیین کوبو تەمام ل بووکان

ئایین کە تە حارس و سووکان

فەرهەنگی تەقی، کوردی – کوردی، سلیمانی، ٢٠٠٩، ل ٤٢٦.

دەربارەی وشەی ئایین لە فەرهەنگی ناهیتا، ئایین : ناوە واتە هیک، ئەدهڤەن، ئاڤێستا : دەینا، ئەزەن، ئەدەن، ئەدڤەن، لە پەهلەوی ئادڤێن : دەستور، دەستوەر، داڵنگ، کانون، یاسا، داب و نەریت. (فەرهەنگی ئەناهیتا، هەولێر، ٢٠١٣، ل ٢١٧، ٢١٨).

له (المنجد فی اللغة والاعلام) وشەی دین : ١- تاعەت، ملکەچبون، ناوێکە بۆ هەموو ئەوانەی بۆ عیبادەتی خوای پێدەکەن، ٢- دین : رێباز، رەوت، داب، تاعەت، حاڵەت، پایە، رقبون، زالبون، ملکەچی بە واتای ژێردەستی. ٣- الدین : ادیان کۆی ناوی دینە واتە سزا و پاداشت، دادوەری، خاوەنداریتی، دەسەڵاتدار، فەرمانڕەوایی، تەکبیرکردن، لێپێچینەوە. (المنجد في اللغة والاعلام، ٢٠٠٨، ط٤٣، دار المشرق الأرشفيه، بيروت، لبنان، ٢٠٠٨، ص٢٣١).

له زۆربەی فەرهەنگەکاندا واتای وشەی دین بە واتای بیروباوەڕ، بروا، کۆمەڵە ئامۆژگاری، کۆمەڵە بیروباوەڕیک، ئایین، دەستوری ئیش و کار، ئۆل، رێبازگە، سەرپێبوون، بروا و کردەوەی کەسێک، کۆمەڵە هۆکار، دڵسۆزی، متمانەی تەواو، پابەندبوون بە پەیمان و بەڵێن، تاعەت، رێباز، رەوت، داب، پایە، دێن. ئەم واتایانە واتای گشتین بۆ دین و بەزۆری لە فەرهەنگەکاندا بەم واتا و شێوانە لیکدراوەتەوە.

وشەی ئایینیش : لە زۆربەی فەرهەنگەکاندا بە گشتی ئەم واتایانەیان بۆ وشەی ئایین دیاریکردووە وەک : ئایین، مەزهەب، رەوشت، بڕواپێبوون، دین، رێ، رێبازگە، ئایین و ئۆین، ئاکار، رەوشت، ئاکاری جوامێری و پاڵەوانی، ئۆل، شێواز، رێ و رەسم، هەست و پەیرەو، داب و نەریت، دەستور، کانون (قانون)، یاسا.

له بنەرەتدا وشەی ئایین لە ئاڤێستاوە هاتووە لە وشەی ئەدهڤەن و ئاڤێستاوە، وشەی دینیش لە وشەی (دەینا، ئەذەن، لە پەهلەویش دەئینە بووە. (فەرهەنگی ئەناهیتا، بەرگی ١، بەشی دووەم، ل٢١٣، ل٢١٧).

واتای گشتی نیوە دێری : دینمان ئایینمانە نیشتیمان

واتە بیروباوەڕ و کردەوەمان رێباز و دەستورمانە لە پێناوی نیشتمانا.

لێکدانەوەی تەواوی بەیتەکە : ئێمە ڕۆڵەی میدیا و کەیخوسرەوین

**دینمان ئایینمانە نیشتیمان**

ئێمە کە ڕۆڵەی کوردین نەوەی میدییەکان و کەیخوسرەوین، بیروباوەڕ و کردەوەمان بۆتە ڕێباز و دەستور لە پێناوی بەرزی نیشتیمانا. بیروباوەڕە لە پێناوی پاراستنی نیشتیمانا کارێکی پیرۆزە، چونکە خۆشەویستی نیشتمان لە باوەڕەوەیە. لەم دێڕەدا دین و ئیمان دوو وشەن واتای گشتیان هەیە مەبەست لە باوەڕ و ڕێبازی نیشتیمانین، چونکە وشە بە پێی بەکارهێنانیان لێرەدا مەبەست لە هیچ ئایین و دینێک نییە، دیارینەکراون کام ئایین و کام دین، وشـــەکان واتایان بەپێی یەکێتی بابەتەکە کە لە چوارچێوەی بیری نەتەوەیی و نیشـــتیماندا دەســـوڕێتەوە، مەبەســـت لە ئاین نین، ناوێکی گشـتییە. جێگای خۆیەتی ئەم دێرە شـیعرەی سـرودەکەی دڵدار، لەگەڵ شـیعرێکی دیوانی شـــاعیری تورک محمد ئەمین بەگ،کە لە کاتی جەنگی تورک و یونانییەکان زۆر ناودار بووە پێی. شـیعرە تورکییەکان – تورکچە شـیعرلەر) لە سـاڵی ١٨٩٧ز بڵاوکرایەوە، دەڵێ : من تورکم، دین و نەتەوەم تورکی باڵایە، دلم پڕە لە ئاگر (د.محسـن عمر،ل ٧٥)، لەگەڵ دێرە شـیعرەکەی دڵدارا (ئێمە ڕۆڵەی میدیا و کەیخوســـرەوین – دینمان ئایینمانە نیشـــتمان) یەکدەگرێتەوە، هەمان بیرۆکەی نەتەوایەتیە ئەو تورک و ئەم کوردە و ڕۆڵەی میدیا و کەیخوسرەوە،کە تورک شانازی پێوە دەکا و هەندیک کوردیش شـــیعرەکەی دڵدار بە کوفر و دژە ئایینی نـاو دەبەن و بێ ڕێزی پێیدەکەن. دڵداریش بەم شیعرە ناوی دەرکردووە.

**دێری چوارەم : کەس نەڵێ کورد مردووە، کورد زیندووە**

زیندووە قەت نانەوێ ئاڵاکەمـــــان

نانەوێ : ناکەوێ، نزم نابێتەوە، نایەتەخوارەوە.

واتای دێرەکە : ئێمەی کورد کە خاوەن ڕابردوویەکی مێژووین، هیچ کەس و دوژمنێک بۆی نییە بڵێت میللەتی کورد مردووە، چونکە نەتەوەی کورد نەتەوەیەکی زیندووە بۆیە هەرگیز ئاڵای نەتەوە و خەباتمان ناکەوێ و هەردەم شەکاوەیە.

**دێری پێنجەم : چەند هەزار لاوانی کوردی نەپڕەشێر**

بوون بە قوربان و هەموویان نێژران

هۆی مانەوەی میللەت و ئاڵاکەمان بەدرێژایی مێژوو ئەوەیە بە هەزاران لاوی کوردی شۆڕشگێر و ئازا لە پێناوی نیشتیمانەکەماندا بونە قوربان و هەموو بە خاکی نیشتیمان سپێردران.

**دێری شەشەم : لاوی ئێستاش حازر و ئامادەیە**

گیانفیدایە، گیانفیدایە، گیانفدان

ئێمە کە لە ڕابردوودا لاوەکانمان ئامادەی قوربانیدان بوونە، نەوەی ئێســـتای ئەوان کە لاوانی ئەمڕۆن هەردەم ئامادەن بۆ گیانبەخشین.

**دێری حەوتەم : لاوی کورد هەڵسانە سەرپێ وەک دلێر**

سا بە خوێن نەقشی ئەکەن تاجی ژیان

دلێر : ئازا، چاونەترس، قارەمان، نەقشـی ئەکەن : ڕەنگی ئەکەن، ئەینەخشـێنن، ئەیرەنگێنن. تاجی ژیان : تاجی ســـەرکەوتن، ڕۆڵەی میللەتێک کە ئامادەی گیانبەخشـــین بن، هەردەم ئازا و دلێرانە





ڕاوەستان و لەسەرپێن بەرانبەر دوژمنان، ئەم لاوانە تاجی سەرکەوتن بەخوێنی خۆیان ئەنەخشێنن و بەرز ڕایئەگرن.

### ***شیکردنەوە نادروستییەکەی سرودی ئەی ڕەقیب***

سرودەکە وەڵامێکی بە ئاگاهێنە بەرانبەر دوژمنانی کورد، کە کوردیان بە مردوو داناوە. دڵدار لە سرودەکەدا، بە بەردەوامی خەبات و تیکۆشانی ڕۆڵەکانی کورد، وەڵامی نەیاران و دوژمنانی نەتەوەکەی داوەتەوە، کە کورد لە ئێستا و ڕابردوودا نەمردووە و هەردەم زیندووە.

سرودەکە توندوتیژی تیانییە، بەرانبەر میللەتیکی یا وڵاتێکی دیاریکراو، یا ڕەوشتی مرۆڤایەتی بەزاندبێت. یا ئایین و دینو مەزەب و پیرۆزی ئایین و دینەکانی بە سوک زانیبێت و هێرشی کردبێتە سەریان و تەنانەت لە دوور و نزیکەوە، لە وشەیەکەوە تا ڕستەیەکی سرودەکە لایەنی کفر و ڕەتکردنەوەی پەروەردگاری تیا بەدی کرابێت.

ئەوەی هەیە نەزانین و نا تێگەیشتنە، دژ بە سرودەکە و دژ بە کەسایەتی دڵداری شاعیر دەکرێت. سەرتاپای سرودەکە ناوەڕۆکێکی نیشتیمانی و نەتەوەیی پڕ لە جۆش و خرۆشی خەبات و تیکۆشانە. خەبات و تێکۆشانیش بە گیانبازی و گیانفیدایی و خوێنڕشتنی ڕۆڵەی نەتەوەکان ئەنجام دەدرێت، نەک بە نەرم و نیانی.

سرودی نەتەوەیی، دەبێت خەبات و قوربانیدان و ڕابردووی دێرینی پڕ شانازی و شارستانێتی باوباپیرانی لەبەرچاو بگرێت، ئەگینا هەرگیز بە سرودی نەتەوەیی دانانرێت.

بۆ وەڵامدانەوەی نا دروستی دژ بە دوو دێڕی سرودەکە، لێرەدا بە بۆچوونی ئایینانەی ئەوانەوە، ئەو دوو دێڕە لێکدەدەینەوە بەپێی واتای دروستی وشە فەرهەنگی و ڕێزمانییەکانی ئەو دوو دێڕە کە دەوترێت کفر و ئیلحادە : بڕوانە واتە وشە و زاراوەیی دین و ئایین لە ئاییندا مەبەست لە پەرستنە، ئەمجا پەرستنی هەر شت و دیاردە و هێز و بەهایەکی زەوی و ئاسمانی بێت، بۆ نموونە :

پەرستنی بت و تابلۆ، یا خۆر و مانگ... یا پەرستنی ئاینی زەردەشتی، یا ئاینی جولەکە و مەسیحی ، یا ڕێبازی کۆنفوشیوسی، یا بودایی، کاکەیی و عەلەوی و ئێزدی و ئیسلام... هتد.

مەبەستەکە ڕوونە دین، ئایین لەڕێزماندا ناوی گشتین، واتاکەیان بەپێی زانستی واتاسازی (سیمانتیک) فراوانبوونەتەوە، واتە تەنیا یەک واتا ناگرنە خۆیان، بەپێی چۆنیەتی بەکارهێنانیان واتایان دەگۆڕێت. ئەمجا واتای ئاینی بێت یا واتای تاعەت و تێکۆشان بێت، یا بیروباوەڕ و بڕوای نیشتمانی و نەتەوەیی یا کەسایەتی پیرۆزی ئاینی و مەزەبی یا نیشتیمانی و نەتەوەیی و کۆمەڵایەتی بێت. کە تا ئێستا لە ناو کوردا هەیە و بۆتە کلتورێکی ئاینی نیشتیمانی و نەتەوەیی یا کۆمەڵایەتی. ئەمجا بۆ دەبێ واتاکەی لای دڵداری شاعیر نابەجێ و کفر و دژ بە خوا و ئایین بێت، کەواشنین.

بۆ ڕونکردنەوەی زیاتر وشەی (نان) پێخۆرێکە لە ئارد و ئاو دروست دەکرێ، واتای فراوانبۆتەوە بۆ نانخواردن (الأكل والطعام) وەک : نان حازرە، نانبڕاو، واتە بژێوێت دەبڕم، نانی شەوی نییە، نانی کەوتۆتە ڕۆنەوە واتە : (بەختی هەستاوە، بەختی باشبووە )، نانی شەوی نییە

واتە جەمە خواردنی شـــەوی نییە. نانپەیداکردن : واتە کاســـبی کردن، بژیوی پەیداکردن، ڕزق پەیداکردن، وشەی (شار) : واتە شوێنی پڕ و قەرەبالغ و زۆر، شارە مێروولە، شارە زەردەواڵە، شار.

وشەی زەمان : واتە سەردەم، زەمانە، چاخ، دنیا، چەرخ. کەڵ : واتە نێر، ئازا، کەڵەپیاو، کەڵەشاخ، کەڵەشێر، کەڵە ئاسک، مانگا بە کەڵ . ئاوایی : واتە دێ، ئاوەدانی، بینا و ساختمان.

دین : واتە بیرو باوەڕ، بڕوا، بڕوای نیشتیمانی، بڕوای نەتەوەیی، تێکۆشان. ئایین : دین مەزەب، ڕێگا، ڕێباز، یاسا، دەستور، عەقیدە و باوەڕ.

لێرەدا جێگای خۆیەتی هیمابکەین بۆ واتای (دینمان ئایینمانە نیشـتیمان) ئەم نیوە دێڕە پارسـتەیە واتاکەی بەندە بە تێکڕای واتا و مەبەســت و ناوەڕۆکی ســـرودی ئەی ڕەقیبی دڵداری شـــاعیر کە مەبەست لە واتای خەبات، تێکۆشان، بیروباوەڕ و بڕوا ڕێبازێکە یا ڕێبازمانە لە پێناوی نیشتیمانا.

پێویســـتە لێرەدا و جێگای خۆیەتی لە ســـەردەمی ڕاپەڕین و شـــۆڕشـــی ١٤ تەمموزی ١٩٥٨ بە ســـەرکردایەتی عەبدولکەریم قاســـم، ســـرودی (أنشـــودة، نشـــيد تموز) پەیدابوو بەســـەردەمی ئێراقییەکانەوە بوو. ئەمە یەکدوو دێڕی ســـرودەکەیە کە جێگای مەبەســـتە لەگەڵ ئەم دوو دێڕەی ئەی ڕەقیبدا، هەرچەند پێچەوانەی یەکتریشن :

كل شيء بعد تموز جديد
السما والأرض والفجر الوليد
وغناء الطير في الحقل المديد

بە کوردی واتە : هەموو شتێک دوای تەمموز تازەیە
ئاسمان و زەوی و کازیوەی (بەرە بەیانی) لەدایکبوو
جریوەی باڵندەکانیش لە کێڵگە.

ئایە وشـــەکانی (ئاســـمان / الســـما، الفجر) بەپێی ئایین، کە دروســـتکراوی خوان، چۆن لەلایەن مرۆڤەوە تازە دەبنەوە، کەچی تا ئێســـتاش کەســـێک یا ئایین پەروەرێکی عارەبیش دەنگی لێ بەرزنەبۆوە بۆ ئەوەی ئەم سرودە، بە نا ئایینی لە قەڵەم بدرێت. یا شیعرەکانی سەردەمی (الجاهلي) عارەبیدا کە پڕە لە بەدرەوشتی و گەندەڵی کۆمەڵایەتی کەچی مێژووی عارەب شانازی پێوە ئەکات. هەروا بۆ نموونە شـــیعرەکانی (أبی نواس) پڕە لە باســـی نێربازی و غیلمان. تا ئێســـتا لە ڕەخنەی عەرەبیدا دەنگی بەو شـــێوە لێبەرزنەبۆتەوە ؟! دیارە نەخێر، بۆیە تەنیا کوردە دژی خۆمان ئەوەستینی و کلتوری خۆمان لا هیچە !!.

### ئەنجـــام

١- ســرودی ئەی ڕەقیب وەڵامێکی خیتابی توند و بەجۆشــە، بۆ دوژمنانی کورد بە گشــتی، بەوەی کورد میللەتیکی زیندووە لە ئێستا و ڕابردوودا نەمردووە.

٢- یەکێتی بابەت لە نێوان تێکڕای شیعری سرودەکە لە چوارچێوەی بیری نیشتیمانی و نەتەوەیی هەیە.

٣- شـــاعیر لە ســـرودەکەدا، بەدیاریکراوی دوژنی هیچ نەتەوە و وڵاتیکی دیاریکراونییە، ئەمەش ڕەوشتێکی بەرز و شێوازێکی دروستی شیعر و شاعیرەکەیەتی.

٤- هەردوو بەیتی ســـرودەکە، واتە دێڕی یەکەم و ســـێیەمی، بە پێی واتای فەرهەنگی و ڕێزمانی وشـــەکانی، بەهیچ جۆرێک پەیوەندی واتاییان، بە کفر و دژ بە خواو و هیچ دین و ئایینێکەوە نییە. بە پێچەوانەوە لیکدانەوەی پێچەواەی ئەو دوو دێڕە گوایە دژە ئایینە، تەواو دەبێتە کفر و ئیلحاد و دژە ئایین. چونکە خوای پەروەردگار دوژمنی میللەتی خەلقندەی خۆی نییە.

٥- دانەیی : وشەیەکە لە ڕێزماندا ناوی بکەرە، مەبەست لە دانەر، داهێنەر، دروستکەرە لە چاوگی (دانان) ەوە وەرگیراوە. واتە بەو کەسەی کە تۆپ و چەکی سەردەمیانە لە دژی کورد دروست دەکات نارِوخێت، تۆپی زەمان نایشکێنێ.

٦- بەڵگەی مانەوەی نەتەوەی کورد لە مێژوودا، خەبات و تێکۆشـــانی بەردەوامیتی لەســـەردەمی مادەکانەو کە پێشـــینان و باوباپیرانی کوردن بەســـەرکردایەتی کەیخوســـرەو، کەنەک هەر پاشـایەکی فارس نییە، بەڵکو فارسـەکان دوژمنیانن و دەوڵەتی ماد و ئاستیاک پاشا کە کوڕی کەیخوسرەوی میدییە لەلایەن فارسە هەخامەنشییەکانەوە، ڕوخان و کۆتاییان پێهات.

٧- دین و ئیمان دوو وشەی کۆنی کوردی ڕەسەنن و لە ئاوێستاوە، لە وشەی ئەدهڤەن و ئەدڤەن و ئەذەن، ئەدەن و دەئینە و دەئیناوە هاتووە. دوو ناوی گشتیی بە تێکڕایی فەرهەنگە عارەبی و ئینگلیزی و کوردییەکان بە واتای باوەڕ، بڕوا، بیروباوەڕ، مەزهەب، ڕێباز، دەســـتور، تاعەت، تێکۆشان... هاتووە. مەبەست لە هیچ ئایینێک نین.

٨- هەردوو وشـــەکە لە ســـروودەکەدا، کە ناوەڕۆکێکی نیشـــتیمانی و نەتەوەییمان لە هەر حەوت دێڕە شیعرەکەدا هەیە، بە تەنیا و لەشـیعرەکەشـدا بەپێی پەیوەندی و یەکێتی بابەت دین واتای بیروباوەڕ، برِوایە و ئیمانیش بە واتای ڕێباز و ڕێگا هاتووە.

٩- ئێســـتا دەڵێین ســـرودی ئەی ڕەقیب، لە ڕووی نیشـــتیمانی، نەتوەیی، ئاینی و کۆمەڵایەتی و ڕەوشتییەوە، لەلایەن حکومەتی کوردستانەوە بکریتە سرودی نیشتیمانی و نەتەوەیی.

### سەرچاوەکان


١. د.أحمد الخليل ، عباقرة كردستان في القيادة والسياسة، مؤسسة موكرياني، أربيل، ٢٠٠٩.
٢. انوری، حسن، فرهنگ کوچک سخن، به سرپرشتی دکتر حسن انوری، تهران، ١٣٨٣.
٣. فەرهەنگی ئەناهیتا، کۆکردنەوە و دارِشـــتنەوەی یوســـف ڕەشـــید، بەرگی یەکەم، بەشـــی یەکەم، دەزگای موکریانی، هەولێر، ٢٠١٣.
٤. فەرهەنگی تەقی، کوردی – کوردی، دانای لیژنەیەک، سلیمانی، ٢٠٠٩.
٥. د. حامد محمود عيسى، المشكلة الكوردية فى الشرق الاوسط،١٩٩٢.
٦. مەلا خلیل مشەختی، فەرهەنگا مەرگ و ژی، دەزگای ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٦.
٧. دیوانی دڵدار، چاپخانەی کوردستان، چاپی دووەم، هەولێر، ١٩٧١.
٨. د.رفیق شـــوانی، ئەی ڕەقیب، ســـرودێکی نەتەوەییمانە، نیشـــانەی خەباتی ڕابردوومانە، ڕۆژنامەی هەواڵ، بەشـــی یەکەم، ژمارە ٥٤٥، کەرکوک، بەرواری ٢٠١٣/١١/١٦. بەشـــی

دووەم، ژمارە ٥٤٦، کەرکوک ، بەرواری ٢٠١٣/١١/٢٣، بەشــی ســێیەم و کۆتایی ژمارە ٥٤٧، کەرکوک، بەرواری ٢٠١٣/١١/٣٠.

٩. د. روحی البعلبکی، المورد المیسـر، قـاموس عربی – انکلیزی، دار العلم للملایین، ط٣، بیروت – لبنان، ١٩٩٧.

١٠. د. قیس جواد العزاوی، رەگ و ڕیشـەکانی ناسیۆنالیزمی تورکی، وەرگێڕانی لە فەرەنسی و پێشەکی د.محسن احمد عمر، دەزگای سەردەم، سلێمانی ٢٠٠٧

١١. مارف خەزنەدار، مێژووی ئەدەبی کوردی، بەرگی پێنجەم، دەزگای ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٥.

١٢. منیر البعلبکی، المورد، قاموس انکلیزی – عربی، طبعة جدیدة، ملونة، دار العلم للملایین، الطبعة الحادیة عشر، بیروت، ١٩٩٧.

١٣. منیر البعلبکی، د. روحی البعلبکی، المورد القریب، مزدوج : قاموس عربی انکلیزی، انکلیزی – عربی، دار العلم للملایین، الطبعة الثانیة عشر، بیروت، ٢٠٠٣.

١٤. ماجد مردوخ روحانی، فرهنگ فارسی – کوردی، دانشگاه کردستان (سەجلدی)، جلد اول أ–ش، بە سرپرشتی ماجد مردوخ، چ١، سنندج، ٢٠٠٦.

١٥. المختار الصـحاح، من صـحاح اللغة، کتبه محمد محي الدین عبدالحمید، محمد عبداللطیف السبکی.

١٦. المورد القریب، انکلیزی – عربی، عربی – انکلیزی، دار العلم للملایین، مؤسسـة ثقافیة للتألیف والترجمة والنشر، بیروت – لبنان، ٢٠٠٣.

١٧. هەژیر عەبدوڵڵا، فەرهەنگی هەژیر، فارسـی- کوردی، (أ- ژ)، بەرگی یەکەم، وەرگیران و ئامادەکردنی هەژیر عەبدوڵڵا، دەزگای موکریانی، هەولێر، ٢٠٠٨.

١٨. هەژار، هەنبانە بۆرینە، فەرهەنگی کوردی – فارسی، چ٣، تهران، ١٣٨٣.

❑